- لە لاپەڕە ٤٣ دا هەواڵێک لە ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە ڕاگوێزراوە بێ ئەوەی ژمارە و ڕێکەوتی دەرچوونی ڕۆژنامەکە ڕابگەیێنرێت. بە گوێرەی هەواڵەکە، ١١ قارەمانەکەی سەقز و هەروەها عەلی بەگی شێرزاد لە بۆکان، ڕۆژی ١٣٢٥/١٢/٢٦ واتە چوار ڕۆژ پێش نەورۆز ئیعدام کراون. پژمان لە جیاتی عەلی بەگی شێرزاد دەنووسێت قهرمان شیرزادە فیض الله بیگی. هەرچۆنێک بێت ڕاگەیاندنی ڕاشکاوی ئەو ڕۆژە وەک ڕۆژی ئیعدامەکانی سەقز بۆ من گەلێک گرنگە بەڵام نازانم ئەو هەواڵەش وەک پاشماوەی قسەکانی پژمان درۆیە یان نا؟ (بڕوانە بەشی ٢٥٤ ی ئەم وتارانە).

- نووسەر لە لاپەڕە ٤٧ و ٤٨ دا ئاماژەیەک بە ڕاپەڕینی وەرزێرانی بۆکان لە ساڵی ١٣٣٢ دەکات بەڵام لەوێشدا وەک شوێنەکانی تر ووردبینی و دیقەتی نییە. ئەوە هەواڵەکەیە:

*"لە ماوەی هەر ئەو ساڵەدا [١٣٣٢]، وەرزێر و گوندییەکانی ناوچەی بۆکان بەهۆی حزبی دیموکراتی کوردستانەوە دژ بە دارەدەستانی سەرمایەداران و خاوەن زەوی و هەروەها ژاندارمەکانی ناوچە، ڕێبەری و ڕێنومایی کران!" سەبارەت بەو هەواڵەی پژمان دەبێ بڵێم* یەکەم، وەرزێر و ڕەشایی گوندەکان دژ بە ئاغاکان ڕاپەڕیبوون نەک سەرمایەدار و دارەدەستەکانیان! دووهەم، حزبی دیموکراتی کوردستان هاودەنگی لەگەڵیان هەبوو بەڵام ڕێبەر و ڕێنومایکاریان نەبوو! سێهەم، ڕاپەڕینەکە دژ بە ژاندارم نەبوو، بەڵام لە درێژەی کاردا ژاندارمری لایەنی ئاغاکانی گرت و ڕووبەڕووی ڕاپەڕیوەکان بووەوە. چوارەم، هەر ڕستەکە ناتەوواوە و ئەگەر کەسێک بە ووردی بیخوێنێتەوە تێدەگات کە هیچ واتایەکی نییە!

- "لە ساڵانی ١٣٤٠ تا ١٣٥٠ دا حزبی توودە لە چیکوسلۆڤاکی بڵاوەی "کوردستان" ی بە دەستی عبدالرحمن قاسملوو، عەلی گەلاوێژ و حەسەنی قزڵجی بڵاو کردەوە." (ل. ٢٣٤)